**سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران (خەبات)**

*Organizaton Of Iranian Kurdistan Struggle ( Khabat )*

---

## راگەیێندراوی ژمارە ٦

## بەردەوامیی مانگرتن و راپەڕینی خەڵکی قارەمانی شارەکانی کوردستان

بە پێی راپۆرتەکانی گەیشتوو، رۆژی یەك شەممە و دووشەممە ١٦ و ١٧ی گەلاوێژ لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان، سەقز، سنە، پاوە، بانە، سەردەشت، شنۆ و شارەکانی دیکەی کوردستان، خەڵك بە داخستنی دوکان و بازارەکان، درێژەیان بە ئیعتراز و راپەڕینی شۆڕشگێڕانەی یەك مانگەیان دا.

بەپێی دوایین راپۆرت لە شاری جوانڕۆ، خەڵکی شۆڕشگێڕی ئەو شارە بە کۆبوونەوە و دروشم دان لەدژی رژیمی ئاخوندی، هەروەها داخستنی دوکان و بازاڕ و شوێنی کەسب و کار، پشتیوانیی راپەڕین و ئیعترازی باقی شارەکانی دیکەی کوردستانیان کرد.

رژیمی ئاخوندی کە لە کپ کردن و بێدەنگ کردنی خەڵکی کوردستان شکستی خواردووە، لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا هەوڵی داوە بە کەڵك وەرگرتن لە بەکرێگیراوانی، کەسانی ناسراو و هەڵسووڕ کە راپەڕین و مانگرتنی جەماوەری رێك دەخەن، بناسێ، کە بەخۆشیەوە بەهۆی بەشداری و یەکگرتوویی بەربلاوی خەڵك لە رێپێوان و مانگرتنەکان، دەسەڵاتدارانی رژیم لە ناسینی ئەو کەسانەدا سەرکەوتوو نەبووە. هەرچەند کە لە ماوەی یەك مانگ راپەڕینی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، دەیان کەس لە لاوە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان زیندانی کراون و لەژێر شکەنجەی جەللادەکان دان.

سازمانی خەبات رۆژی هەینی ١٤ی گەلاوێژ لە راگەیێندراوێکدا، داوای لە خەڵکی شۆڕشگێڕ و شەرافەتمەندی کوردستان کردبوو، درێژە بە تەزاهورات و مانگرتن بدەن تا وەدەست هێنانی مافەکانیان، وە هەروەها بە ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی خەبات راگەیێندراوە بە تەواوی توانایان بۆ سەرکەوتنی تەزاهورات و مانگرتنی جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستان تێ بکۆشن.

**سازمانی خەبات ی نەتەوایەتی و ئیسلامیی کوردستانی ئێران**

**١٧ی گەلاوێژی ١٣٨٤        ٩/٨/ ٢٠٠٥**

www.sazmanikhabat.com